گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەی پێوەر و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی شکستخواردوو

**م.ی. تەحسین وسو عەبدوللا**
بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
tahseen.wsu@su.edu.krd

**م.ی. احمد بابکر احمد**
بەشی دیبلۆماسیەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/١٢/٢٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٣٠
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*The Concept of State, Failed State, Validity, Strong State, Weak State, Parallel State*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.4

## پوختە

دەوڵەت وەک بابەتێکی سەرەکی، زانستی سیاسەت خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە و لێکۆلینەوەی لە کایە جۆراوجۆرەکانی کردووە، بەجۆرێك کە هەندێك کات زانستی سیاسەت بە دەوڵەت چوێنراوە، دەوڵەتیش بوو بە پێویستیەکی واقیعی لە پێناو رێکخستنی کۆمەڵگە و ئیدارەکردنی، کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بە ئامانجی دابین کردنی ئاسایش هەڵسان بە دروست کردنی یەکەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی شێوازی ژیانیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بگوازنەوە، شێوەی دەوڵەتیش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاواز بووە. یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی ئەم پرۆسەیە شکستی دەوڵەتان بووە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، یان شکستی دەوڵەتان دەبینین کە زۆر وڵات بە تایبەتی لە ئاسیا و ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوین ناتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن. ئەم دۆخە، پێکەوە لەگەڵ ئەو کێشە جۆراوجۆرانەی کە ڕووبەڕووی دەوڵەتان بۆتەوە دەبێتە هۆی کێشە ناوچەیی و جیهانیەکان و هەروەها ئەو کێشە نەتەوەییانەی کە دەبێتە هۆی شەڕی ناوخۆ. هەرچەندە هیچ هۆکارێکی تاک لایەنە بۆ شکستی دەوڵەتان نییە، بەڵکو دەکرێت هۆکاری شکستی دەوڵەتان بۆ چەندین فاکتەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێژوویی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و جیهانییەوە پەیوەست بکرێت و ڕەنگدانەوەشی لەسەر هەر وڵاتێک جیاواز بێت.

## ١. پێشەکی

چەمکی دەوڵەت یەکێکە لە چەمکە هەرە باوەکانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەر لە کۆنەوە بووە بە بابەتی مشتومڕ لە نێوان پسپۆر و توێژەران لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لە نێوان دەسەڵاتدارەکان. دەوڵەت وەک بابەتێکی سەرەکی زانستی سیاسەت خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە و لێکۆلینەوەی لە کایە جۆراوجۆرەکانی کردووە، بەجۆرێك کە هەندێك کات زانستی سیاسەت بە دەوڵەت چوێنراوە، دەوڵەتیش بوو بە پێویستیەکی واقیعی لە پێناو ڕێکخستنی کۆمەڵگە و ئیدارەکردنی، کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بە ئامانجی دابین کردنی ئاسایش هەڵسان بە دروست کردنی یەکەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی شێوازی ژیانیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بگوازنەوە، شێوەی دەوڵەتیش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاواز بووە، مرۆڤەکان بۆ ئەوەی خۆیان لە پاشاگەردانی ڕزگار بکەن پەنایان برد بۆ پێکهێنانی دەوڵەت لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەت نەتەوەیی مۆدێرن ئەرک و فانکشنی دەوڵەتیش گۆڕانکاری بەسەرداهات. بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم ، زۆر دەوڵەت سەربەخۆییان ڕاگەیاند. لەگەڵ کۆتایی کۆلۆنیاکان لە ئەفریقا، لەتبوونی یەکێتی سۆڤیەت، وڵاتانی نوێ دەرکەوتن.

چەمکی تر وەک دەوڵەتی فاشیل، دەوڵەتی پارالێل، دەوڵەتی لاواز لە پاڵ ئەم چەمکە بەکاردەهێنرێن. چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو زیاتر لەو توندوتیژییەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە تایبەت لە وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوامە. جگە لە نووسەرانی یاسای نێودەوڵەتی، ئەم چەمکە لەلایەن نووسەران و توێژەرانی بواری پەیوەندی نێودەوڵەتی، زانستی سیاسی، کۆمەڵناسی و ئابووریشدا باس دەکرێت.

### ١.١. پرسیارەکانی توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی: بریتیە لەوەی ئایا چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو گوزارشتە لە کامە دەوڵەت یان بە مانایەکی تر، چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو لەسەر کام لە دەوڵەتان جێبەجێدەکرێت؟

### پرسیارە لاوەکییەکان:

- ✓ مەبەست لە چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو چییە؟

- ✓ جیاوازی دەوڵەتی شکستخواردوو لەگەڵ دەوڵەتانی تر چییە؟
- ✓ چەمکە هاوشێوەکانی دەوڵەتی شکستخواردوو کامانەن؟

### ٢.١. گریمانەی توێژینەوە

چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو گوزارشتە لەو دەوڵەتانەی کە ناتوانن بەرگری لە سەروەری خۆیان بکەن، شەرعیەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا زۆر لاوازە بە جۆرێک کە هەموو کات ترسی ڕووخانی هەیە لە بەرامبەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێ.

### ٣.١. میتۆدی توێژینەوە

لە میانەی توێژینەوەکەدا چەند میتۆدێکی زانستی پشتیان پێ بەستراوە بۆ شیکردنەوەی چەمکی دەوڵەت دەوڵەتی شکستخواردوو لەوانە:

## میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی:

ئەو شێوازەیە کە بۆ لێکۆڵینەوە و ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ئەزموونکراوە و بۆ ئێستاش بەکاردێت. ناسینی ئەو پرۆسانەی لەڕابردوودا روویداوە و ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەریان یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی ئەو کێشە هاوشێوانەی کە ڕەنگە ئەمڕۆ ئەزموون بکرێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئاماژەکردن بە چەمکی دەوڵەت وەک دیاردەیەکی مێژوویی هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆک و ماهیەتی چەمکەکان تێبگەین.

### ٤.١. پەیکەربەندی توێژینەوە

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەک، دوو بەشی سەرەکی و دەرئەنجام، لە پێشەکی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی چەمکی دەوڵەت وەک بابەتێکی گرنگی نێو کایەی زانستە سیاسییەکان خراوەتەڕوو لەگەڵ چوارچێوەی زانستی توێژینەوە. لە بەشی یەکەمی توێژینەوەدا لە چوارچێوەی سێ باسدا چەمکی دەوڵەت بە ووردی تیشکی خراوەتە سەر، سەرەتا پێناسەی دەوڵەت، دواتر تێۆرەکان سەبارەت بە سەرهەڵدانی چەمکی دەوڵەت و پاشانیش جۆرەکانی دەوڵەت باسکراوە لە بەشی دووەمدا، لە کۆتایشدا ئەو دەرئەنجامانە خراونەتەڕوو کە میانەی توێژینەوەکە وەدەست هاتوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٢. چەمکی دەوڵەت

چەمکی دەوڵەت بە چەندین واتای جۆراوجۆر بەکارهێنراوە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (State) بۆ گوزارشت کردن بوو لە یەکەی پێکهێنەری فیدراسیۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەندێک جاریش وشەی وڵات وەک گوزارشت کردن لە دەوڵەت بەکارهێنراوە، چەمکی دەوڵەت جیاوازە لە چەمکەکانی حکومەت، نەتەوە، کۆمەڵ و کۆمەڵگە و کاتێک پێناسەی دەوڵەت دەکرێت ئەو جیاوازییانە دەردەکەون (بشیریە، ٢٠٠٩، ل٦٣-٦٤). دەوڵەت دامەزراوەیەکی کۆنی مرۆڤایەتییە، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە کشتوکالیەکان، یەکەم جار لە ناوچەکانی دۆڵی دوو ئاوان ( بلاد مابين النهرين) سەری هەڵداوە شەش هەزار ساڵ پێش زایینی، لە یۆنانی کۆنیش دا بەجۆرێکی تر خۆی دەرخستوە کە پێیان دەوت دەوڵەت شار، لە مێژووی نوێیشدا چەمکی دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا (فوکویاما، ٢٠٠٧، ص٤١-٤٢). بەتایبەت نوسینەکانی ماکیاڤیللی و پاشانیش هزرمەندانی پەیمانی کۆمەڵایەتی وەك هۆبز، دەوڵەت لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی هەبووە، ئامانج و بیرۆکەی دەوڵەتیش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕەنگدانەوەی پێداویستیەکانی کۆمەڵگەیە، جیا لەوەش دەکرێت دەوڵەت ڕەنگدانەوەی بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت، واتە کۆمەڵگە لە پێناو بەردەوامبوون پەنایان بردۆتە بەر دەوڵەت، بۆ ئەوەی ڕەنگ دانەوەی حەز و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بێت، لەم بارەوە ڕووانگەیەک هەیە پێی وایە دەوڵەت بۆ ئەوەی لەیەك پارچەیی خۆی دڵنیا بێت دەبێ لەسەر بیرۆکەیەکی ڕوون و ئاشکرا دامەزرا بێت. (ئەسەسەرد، ٢٠٠٢، ل٣) کەواتە دەوڵەت بوونی دەرئەنجامی پێداویستییەکی مرۆییە.

### ٢.١. پێناسەکان لە بارەی چەمکی دەوڵەت

هزرمەند و لێکۆڵەرە سیاسیەکان سەبارەت بە پێناسەی دەوڵەت هاو دید نین، جیاوازی دید و بۆچوونەکان لەبارەی دیاری کردنی پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ دەوڵەت بەر لە هەر شتێك پەیوەستە بە جیاوازی دیدگا و تێڕوانینەکان لەبارەی سروشتی دەوڵەتەوە، واتە جیاوازی هزرەکان کاریگەری کردۆتە سەر ئەوەی کە کۆبەندێکی گشتی نەبێت لە نێوان بیریاران بۆ پێناسەی دەوڵەت، دەوڵەت دەکرێت بەکار بهێنرێت بۆ کۆمەڵە یەکەیەکی هەرێمی، کە مەزهەبێکی سیاسیلە پشتەوە بێت و خاوەن واقعێکی مێژوویش بێت. (هێیوود، ٢٠٠٧، ل١٢٧).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا چەند پێناسەیەکی جیاواز لەبارەی چەمکی دەولەتەوە دەخەینەڕوو (محەمەد، ٢٠٠١، ل٢١-٢٢)؛

- یاسا ناسە فەرەنسییەکان؛ لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو کە لە لایەن یاساناس و پسپۆرانی فەرەنسییەوە لە بارەی چەمکی دەوڵەت کراون:

✓ (Malberg)[1] مالبیرج لە پێناسەی دەوڵەتدا دەڵێت: "کۆمەڵێک لە تاکە جێگیربووەکانی سەر هەرێمیکی دیاریکراو خاوەن ڕێکخستنێکی تایبەت بە خۆیانن و کۆمەڵ بەرامبەر تاکەکان خاوەن دەسەڵاتێکی ئەمر پێکەر بێت".

✓ (Duguit)[2] دوگی لە بارەی دەوڵەتەوە بەم شێوەیە گوزارشتی کردووە: " دەوڵەت جیاکارییە لە نێوان فەرمانڕەواکان (حاکم) و فەرمانبەسەرکراوان (مەحکوم)دا، ئیدی ئەو جیاکارییە لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا یانیش لە قۆناغە ئاڵۆز و پێشکەوتووەکاندا بێت".

- یاساناسە ئەلمانییەکان؛ هاوشێوەی یاساناسە فەرەنسییەکان ئەلمانییەکانیش ڕووانگەی خۆیان لە بارەی دەڵەت خستۆتەڕوو:

✓ (Bluntschi)[3] بلنتشی دەڵێ: "دەوڵەت دیاریکردنی نەتەوەیی و ڕامیاریی و باری ڕێکخستنی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوە".

- هەروەها یاساناسە ئەنگلۆسەکسۆنییەکانیش پێناسەی دەوڵەتیان کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

✓ (Salmond)[4] سالمۆند دەڵێ: "دەوڵەت بریتییە لە کۆمەڵێ لە تاکەکانی جێگیربوو لەسەر هەرێمێکی دیاریکراو بۆ دابینکردنی ئاشتی و داخوازی خۆیان لە ڕێگەی هێزەوە".

---

1. رایمۆند کاری دی مالیبێرج "Raymond Carre De Malberg" ١٨٨١ – ١٩٣٥ یاساناسێکی فەرەنسی و یەکێک بوو لە زانا دەستوورییە پێشەنگەکان لە فەرەنسا.

2. لیۆن دوگی "Leon Duguit" ١٨٥٩ – ١٩٢٨ فەیەلەسوف و یاساناس فەرەنسی لە یاسای گشتی، لەڕووی میتۆدەوە بەرگریکاری پۆزەتیڤیزمی سۆسیۆلۆژی بوو.

3. یوهان کاسپەر بلونتشی "Johann Caspar Bluntschli" ١٨٠٨ – ١٨٨١ فەیلەسوف و سیاسەتمەدارێکی سویسری بوو، یەکێک بوو لەوانەی یاسا و ڕێساکانی شەڕ و یاسای نێودەولەتی پەرەپێدا.

4. ئەلێکس سامۆند "Alex Salmond" لەساڵی ١٩٥٤ لە دایک بووە، سیاسەتمەدارێکی سکۆتلەندییە و سەرکردەی پارتی نیشتمانی سکوتلرندییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

✓ (Woodro Wilson)[5] ودرۆ ولسۆن پێی وایە: " دەوڵەت، گەلێکە ملکەچی یاسا دەبێ لەسەر هەرێمێکی دیاریکراو".

بەشێك لە مارکسیستەکان، دەڵێت دەوڵەت بەمەبەستی چەوساندنەوە دامەزراوە، لەبەرامبەردا بۆچوونێکی تر هەیە دەڵێت دەوڵەت دامەزراوەیەکی ئەخلاقیە، وەکو (هێگڵ، ڕۆسۆ، کۆنت، گرین و بوسانکە)، ئانارشیستەکان پێیان وایە دەوڵەت خراپیەکی ڕەهایە، وەکو (پرۆدۆن و کرۆپتین) (Kapani, 2007, 36-37)، لێرەدا دەکرێت لە سێ ڕووانگە پێناسەی دەوڵەت بکەین:

یەکەم/ ڕووانگەیەکی یاسایی بۆ پێناسەی دەوڵەت، بە پێی ئەم ڕووانگەیە دەوڵەت یەکەیەکە کە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە، وەکو (دانیشتوان "گەڵ"، حکومەت، خاك "هەرێم"). بکەین (العالم، ٢٠١٢، ل١٥٨-١٦١)

دووەم/ ڕووانگەی فەلسەفی بۆ دەوڵەت، لە ڕووی فەلسەفییەوە سێ قوتابخانەی هزری هەیە: بکەین (العالم، ٢٠١٢، ل١٥٨-١٦١)

1- دەوڵەت بۆ دروست کردنی هەماهەنگی لە نێوان بەشە جۆر بەجۆر و پێویستیەکانی کۆمەڵگە لە ئارا دایە، ئەم ڕوانگەیەش لە بۆچوونەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتۆن ڕەنگی دابوویەوە.
2- دەوڵەت لە ئەنجامی بڕیارێکی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەم هاتووە، ئەم بۆچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ (هۆبز، لۆك و ڕۆسۆ).
3- دەوڵەت لە دەرئەنجامی ململانێی نێوان هێزە ناکۆکە کۆمەڵایەتییەکان سەریهەڵداوە، مارکس و پەیڕەوانی ئەم دیدەیان خستەڕوو.

سێیەم/ ڕووانگەی سیاسی بۆ دەوڵەت، بە پێی ئەم ڕووانگەیە دەوڵەت لەسەر خواست و ئارەزووی فەیلەسوفان نەوەساتەوە، بەڵکو لە ئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە دەوڵەت هاتۆتە بوون بکەین (العالم، ٢٠١٢، ل١٥٨-١٦١).

[5] . تۆماس ویدرۆ ۆلسـۆن " Thomas Woidrow Wilson" ١٨٥٦ - ١٩٢٤ سـیاسـەتمەدار و ئەکادیمی ئەمریکی بوو کە لە ساڵی 1913 تا 1921 وەک 28 هەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## ٢.٢. تیۆرەکانی سەرهەڵدانی چەمکی دەوڵەت

نەبوونی مێژوویەکی دیاری کراو و تەواو لەبارەی ئەوەی کە بەتەواوەتی کەی دەوڵەت پەیدا بووە وای کردوو بیریاران بگەڕێنەوە بۆ تیۆرەکان لەبارەی دەوڵەت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم تیۆرانەوە ئاشنا بن بەوەی دەوڵەت چۆن پەیدا بووە و لەچیەوە هاتووە، تیۆرەکان بەگشتی دەکرێنە دوو بۆچوون، بۆچوونێکی کلاسیکی و ئەوی تریش بۆچوونێکی مۆدێرنە.

گرنگترین تیۆرەکان لەبارەی دەوڵەت ئەمانەن:

یەکەم : تیۆری ئیلاهی، ئەمە بە کۆنترین تیۆر دادەنرێت لەبارەی دەوڵەت، بە پێی ئەم تیۆرە دەوڵەت دروست کراوی خودایە، دەسەڵاتدار نوێنەری خوایە هیچ کەسێك لەو باڵا تر نییە، پێویستە هەمووان بەبێ هەڵاوێردن ملکەچی فەرمانەکانی دەسەڵاتدار بن لەبەر ئەوەی لەخواوە هاتووە، ئەم تیۆریەش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، وەك مافی ئیلاهی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (عالم، ٢٠١٢، ل١٩٢-٢١٢) .

دووەم: تیۆری هێز، بەپێی بۆچوونی ئەم تیۆرە دەوڵەت بەرئەنجامی ئەو زەبر و زەنگەیە کە بەهێزەکان بەسەر لاوازەکان فەرزیان کردووە، لێکدانەوەی ئەم تیۆرە بۆ دەوڵەت بریتی یە لەوەی دەوڵەت لە ئاکامی دەست درێژی مرۆڤەکان بۆ سەر یەکتری پەیدابووە، ئەمە پێچەوانەی تیۆری یەکەمە کە دەڵێت دەوڵەت ڕەنگدانەوەی ویستی خودایە، بەڵام تیۆری زەبر و زەنگ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەوڵەت دەرئەنجامی ویستی مرۆڤانە .

سێیەم: تیۆری بۆماوەزانی (ژینالۆژی)، بە پێی ئەم تیۆرە دەوڵەت بەرهەمی گەشەکردنی سروشتیانەی خێزانە، بە پێی پرۆسەیەکی سروشتی لەهەر خێزانێك چەند خێزانێك دروست بوونە، خێزانەکان لەیەك گرووپ یەکیان گرتووە تا گوندێك پێك بێنن، پاشان چەند گوندێکیش یەکیان گرتووە شاریان پێکهێناوە، بەم شێوەیە شارەکانیش بەیەکەوە دەوڵەتیان پێکهێناوە، ئەرستۆ لەم بارەوە وتوویەتی یەکەمین فۆرمی گردبوونەوە خێزانە پاشان گوند تا گەیشت بەدەوڵەت (عالم، ٢٠١٢، ل١٩٢-٢١٢).

چوارەم: تیۆری سروشتی، ئەم تیۆرە بە تیۆری سروشتینەی ئەرستۆش ناوی دەرکردووە، بە پێی دیدی ئەم تیۆرە بنەما بنەڕەتیەکانی دەوڵەت لە سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، واتە دەوڵەت لە پێناو دابین کردن و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی مرۆڤ دامەزراوە، بە بڕوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەرستۆ خێزان ناتوانێت تەواوی پێداویستیەکان فەراهەم بکات بۆیە دەوڵەت هات ئەو بۆشایی یەی پڕ کردەوە، دەوڵەت بە ترۆپکی ڕەوتی گەشەکردنی سروشتی دادەنێت (عالم، ٢٠١٢، ل١٩٢-٢١٢).

پێنجەم: تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی، بنەمای ئەم تیۆرە لەسەر گریمانەیەك بنیاتنراوە ئەویش بریتیە لەوەی کە پێش هاتنی دەوڵەت مرۆڤ لەدۆخی سروشتیدا ژیاوە، لە دۆخی سروشتی کۆمەڵگە ڕێکخراو نەبوو، هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی نەبووە تا ئیدارەی کۆمەڵگە بکات، ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە بریتیە لە ڕێککەوتنی نێوان هاوڵاتیان و دەسەڵاتی سیاسی، ئەمەش لە پێناو ڕێکخستنی کۆمەڵگە، ئەم ڕێککەوتنەش پێی دەڵێن پەیمانی کۆمەڵایەتی.

## ٣.٢. جۆرەکانی دەوڵەت

بەشـێوەیەکی گشـتی ئەگەر هـاتوو دەســەڵات لە دەوڵەتـدا یەک بوو، ئەوا  بە دەوڵەتی ســـادە ناودەبرێت(الدولة البسيطة)، بەڵام ئەگەر هاتوو دەسەڵات لە دەوڵەت لەسەر بنەمای پلۆرالیستی بوو ئەوا دەوڵەت دەبێتە دەوڵەتێکی فرەیی (الـدولـة الفيـداليـة). لێرەدا بەر لەوەی بـاس لە وردەکـاری جۆرەکانی دەوڵەت بکرێت پێویســـتە بنەماکانی دەوڵەت بخرێنەروو، هەر دەوڵەتێـک چوار بنەمای سەرەکی هەیە، ئەوانیش ئەمانەن (حیدر، ٢٠١٨، ص٢٥-١١١):

- بوونی کۆمەڵە مرۆڤێک (گەل)
- بوونی جوگرافیایەکی دیاریکراو (هەرێم)
- بوونی دەستەی سیاسی
- خاوەنی سەربەخۆیی و سەروەری

بۆ زانینی جۆرەکانی دەوڵەت چەند دابەش کارییەک هەیە، لەچوارچێوەیەش ئەو دابەش کارییەی کە دەخرێتەڕوو پشتی بە سی بنەما بەستووە، لەخوارەوە بنەماکان و جۆرەکانی دەوڵەت بەگوێرەی ئەو بنەماکان دیاریکراوە (حیدر، ٢٠١٨، ١١٣-١٥٥، Kapani, 2007, S.38-47 and):

١ . جۆرەکانی دەوڵەت بە گوێرەی سـەرچاوەی سـەروەری، بەپێی سـەرچاوەی سـەروەری دەوڵەتەکان بەسەر دوو جۆری بنەڕەتیدا دابەشکراون:

- دەوڵەتی تیۆکراتی: لەم جۆرەی دەوڵەت خودا سەرچاوەی سەروەرییە، ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەپێی یاساکانی ئایین شێوە دەگرێت و لە دەوڵەتی تیۆکراتیدا پێکهاتەی یاسایی ئاینییە. نموونەی ئەم جۆرە دەوڵەتەش لە شاری ڤاتیکان ، ئێران و سعودیە بەدی دەکرێت.
- دەوڵەتی سێکۆلاری: سەرچاوەی سەروەری لەم دەولەتە نەتەوە یان گەلە، پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەپێی ڕێسای عەقڵانی و گەردونی ڕێکخراوە. لە دەوڵەتی سێکۆلاردا دەوڵەتی یاسا لە دین جیاکراوەتەوە، کاروباری ئایینی و کاروباری دەوڵەت بە تەواوی لە یەکتر دابڕاون. ئەمەش لە فەرەنسا، ژاپۆن، پورتوگال و مەکسیک و هتد هەیە.

٢. جۆرەکانی دەوڵەت بەگوێرەی بەکارهێنانی سەروەری، بەپێی شێوەی بەکارهێنانی سەروەری، ئاماژە بە سێ جۆر دەوڵەت دەکرێت:

- دەوڵەتی مۆنارشی (پاشایەتی): شێوەی حوکمڕانییە کە تێیدا سەروەری لە دەستی یەک کەسدا بێت. دەوڵەتی مۆنارشیدا هەڵگری دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت سوڵتان، پاشا یان ئیمپراتۆر بێت. لەم جۆرەی دەوڵەت پاشا یان پاشایەتییەکی ڕەهایە یان پاشایەتییەکی سنووردارە (مەرجدارە). لە پاشایەتی ڕەهادا، پاشا دەسەڵاتی بێسنوور و بێ کۆت و بەندی هەیە و دەسەڵاتەکانی لەگەڵ پەرلەمان هاوبەش نەکردووە. بەڵام پاشایەتیی مەرجدار دەسەڵاتەکانی پاشا لە ڕێگەی دەستورەوە سنوردار کراوە و. سەرباری ئەوەش، لە جۆری دەوڵەتی پاشایەتی مەرجداردا دەسەڵات لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێت. بۆ نموونە لە هۆڵەندا، دانمارک، شانشینی یەکگرتوو، بەلجیکا ئەم جۆرەی دەوڵەت (پاشایەتی مەرجدار) پەیڕەو دەکرێت.
- دەوڵەتی ئەرستۆکراتی: دەوڵەتی ئەرستۆکراتی ، یان دەسەڵاتی خانەدان، شێوەی حکومەتێکی سیاسییە کە تێیدا دەسەڵات لەلایەن چینێکی خاوەن ئیمتیازات بەڕێوە دەبرێت. شێوەی مێژوویی حوکمڕانییە کە دەسەڵاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی تێیدا لەلایەن چینی خانەدانەوە بووە.
- دەوڵەتی دیموکراتی: سەروەری شێوەی حوکمڕانییە کە لەلایەن گەلەوە بەکار دێت، ئەگەر گەل ڕاستەوخۆ سەروەری بەکار بهێنیت، ئەوە دیموکراسییەکی ڕاستەوخۆ دەبێت، بەڵام ئەگەر گەل لە ڕێگای نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیەوە سەروەری بەکار بهێنیت ئەو جۆرە دیموکراسیە بە دیموکراسییەکی نوێنەرایەتیکراو ناودەبرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣.** جۆرەکانی دەوڵەت بەگوێرەی بنەمای پێکهاتەیی، بەپێی بنەمای پێکهاتەیی دوو جۆر دەوڵەت هەیە:

- دەوڵەتی سادە یەکگرتوو: لەم جۆرە دەوڵەتەدا پێهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەدەوری یەک هێزی سیاسی ڕێکدەخراوە. تاکە یاسایەکی هەیە لە تەواوی وڵاتدا جێبەجێ دەکرێت چونکە دەوڵەت یەکپارچەیە. پێکهاتەی دەوڵەت بە شێوەیەکی پلەبەندی لە ناوەندەوە بۆ پارێزگاکان یان شارەکان ڕێکخراوە، وەک نموونەی دەوڵەتی تورکیا.
- دەوڵەتی فیدراڵی: ئەم جۆرە دەوڵەتە بە هاتنە کایەی چەند هەرێمێک پێک دێت. لە پاڵ دەوڵەتی ناوەندی ( فیدراڵی ) دا، هەرێمە فێدراڵییەکان پێکهاتەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری تایبەت بە خۆیان هەیە، لە دەوڵەتی ئیتیحادیدا هەر هەرێمێکی نێو دەوڵەتەکە لەوانەیە پێکهاتەی یاسایی جیاوازی هەبێت بە مەرجێک پێچەوانەی سیستەمی دەستووری فیدراڵی نەبێت. کاروبارە گشتییەکانی دەرەوە و سەربازی لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵی ( دەوڵەتی مەرکەزی ) جێبەجێ دەکرێت. ئەم جۆرە دەوڵەتە لە ئەمریکا، کەنەدا، ئەڵمانیا، ئوسترالیا، نەمسا و ڕوسیا ...هتد، دەبیندرێت.

## ٣. دەوڵەتی شکستخواردوو

بەپێی تیۆرە سیاسییەکانی ماکس وێبەر ، دەوڵەت گوازرشتە لە بەکارهێنانی ڕەوایی هێزی فیزیکی لەناو سنوورەکانیدا. بەڵام کاتێک ئەم شەرعیەتەی لە ڕێگەی زاڵبوونی سوپا و گروپەکانی چەکداری، سیاسەتی گەندەڵکاری، چەتەگەری و تیرۆرەوە سەپاند، ئەوا چەمکی دەوڵەت لەبواری کردەنیدا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. دانپێدانانێکی باو هەیە جەخت لە مەترسی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکاتەوە کە بەهۆی دەوڵەتە شکستخواردوو و لاوازەکان دروست بووە، زۆرجار بەهۆی ململانێی ناوخۆیی ترسناکەوە بارودۆخ لە دەوڵەتێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی سنورەکانی، سەرئەنجام ئەمە کاریگەرییەکانی لە هەرێمێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش (الموسوعة السیاسیة، مفهوم الدولة).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٣.١. مەبەست لە چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو چییە؟

دەوڵەت تا چەند توانای ئەوەی هەیە کاروبارەکانی جێبەجێ بکات و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئەو وەزیفەیە بکات کە لە پێناوی دامەزراوە. ئەم دیدگایە سەرنجی زۆری ئەکادیمی و سیاسییەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ناوەندی بوونی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، سەرەڕای دەرکەوتنی ڕکابەرە نوێیەکان لە ئەکتەرانی نادەوڵەتی لەبواری نێودەوڵەتیدا. لەگەڵ زۆربوونی چڕی ململانێی زلهێزەکان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا بۆ ڕاکێشانی دەوڵەتەکان بەلای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە لە مامەڵەکردن لەگەڵ یەکە بچوک و مامناوەندەکان بە ئامانجی دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان سیاسەت و بەرژەوەدنییەکان، ئەمە هانی هەندێک دەوڵەتی داوە بۆ ئەم باردۆخە یارمەتیدەر بێت بۆ سەرهەڵدانی خراپی لە بەڕێوەبردنی ناوخۆیی و تەشەنە سەندنی دیاردەی گەندەڵی لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە وای لە هەندێک دەوڵەت کرد کە دەسەڵاتی سیاسی کۆنتڕۆڵی خۆی لە دەست بدات و دەرفەتی سەرهەڵدانی هێزی چەکداری ناوخۆی بێتە ئاراوە. ئەم بارودۆخە وای کرد کە ئەکادیمیستیەکان وتویژەرانی پەنا ببەن بۆ چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو Failed State، دەوڵەتی لاواز Weakend Stateیان دەوڵەتی ڕووخاو State Collapse ((Political Encyclopedia, Sep. 2020).

چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو دیاردەیەکی زۆر کۆن نیە، دەوڵەتی لەسەرەتای دەیەی 1990 کاندا دەستی پێکردووە. دوو لێکۆڵینەوە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە دەرکەوتنی چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو دوو؛ یەکەم لێکۆڵینەوە لەلایەن جیراڵد هێلمان، دبلۆمات و سیاسەتمەداری ئەمریکی "١٩٣٢ - ٢٠٢٠" - ستیڤن ڕاتنەر پرۆفیسۆری لە بواری یاسا لە زانکۆی میشیگان (Steven R. Ratner - Gerald B. Helman) ئەنجامدراوە دەربارەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان لە گۆڤاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی 1993 دا بڵاوکراوەتەوە ، دووەم لێکۆڵینەوەش لەلایەن ولیام ئای. زارتمان، پرۆفیسۆر لەزانکۆی جۆن هۆبکینزی ئەمریکی و دامەزرێنەیر پەیمانگای ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی (William I. Zartman) لەسەر دەوڵەتی ڕوخاو (Collapse State) لە ساڵی 1995 ئەنجامدراوە (Eriksen, 2011, PP 229-247). هێلمان و ڕاتنەر لە لێکۆڵینەوەکەیاندا تێبینی ئەوەیان کردووە کە دەکرێت چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو کورت بکرێتەوە " بۆ ئەو وڵاتانەی کە ناتوانن وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ ڕۆڵ ببینن ". هەروەها زارتمان لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆ وڵاتانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووخاو ئاماژەی بەوە داوە کە " ئەو وڵاتانەی کە توانای جێبەجێکردنی کارە بنەڕەتییەکانی خۆیانیان نییە " وەک کۆنگۆ لە دەیەی 1960، لە وڵاتانی چاد، غانا و ئۆگەندا لە کۆتاییەکانی 1980، سـۆمال، لیبێریا و ئیتیۆپیا لە سەرەتای دەیەی 1990 دا(Zartman, 1996, PP5-8). هەروەها کاپڵان (Kaplan) لە لێکۆڵینەوەکەیدا لە ساڵی ١٩٩٤ بە ناوی "ئەنارشیستی داهاتوو" لە (Atlantic Monthly) کە باسی شـکسـتی دەوڵەت کردووە لە ڕۆژئاوای ئەفریقا و پێشـبینی ئەوەی دەکرد کە لە هەموو جیهاندا بڵاودەبێتەوە(Cojanu & Popescu, 2007, P 114).

کەواتە دەوڵەتی شـکسـتخواردو ئەو دەوڵەتەیە کە بە فێڵی چەکداری بەڕێوەدەبرێت، یان وڵاتێکە کۆنترۆڵی خۆی لە دەسـت داوە، تەنها پشـت بەئامرازەکانی توندوتیژی لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسـایی دەبەسـتێت بۆ یەکلایکردنەوەی پرسـەکان. بۆیە ئەو جۆرە دەوڵەتانە ناتوانێت ئارامی و سـەقامگیری بۆ گەلەکانیان بەدەست بهێنێت. هەروەها ناتوانێت گەرەنتی گەشـەی ئابووری، یان هەر دابەشـکردنێکی یەکسـانی کاڵا کۆمەڵایەتییەکان بکات، وە زۆرجار بە نایەکسـانی ئابووری و کێبڕکێی توند پرسەکان چارەسەر دەکات. لێرەدا ئەوەی گرنگە لە پێناسەکانی چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو جەخت کردنەوەیە لەسـەر جێبەجێکردنی ئەرکی سـەروەری دەوڵەت، هەر کاتێک دەوڵەت توانای کۆنترۆڵ کردنی لەسـەر خاکی خۆی لە دەسـتدا، ئەوا دەوڵەت بەرەو ئاراسـتەی لێکهەڵوەشـانەوە و شکستخواردووی دەڕوات (Political Encyclopedia, 2020).

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی پێناسەکان لەبارەی دەوڵەتی شکستخواردوو جەخت لەسەر بێ توانایی حکومەت دەکەنەوە لە (Graf, 2012, P 9):

- بەکارهێنایی هێزی ڕەوایی دەوڵەت
- زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات
- شەرعییەتی فەرمان و بڕیارەکان
- دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان

## ٣.٢. بەراوردی نێوان چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو/دارِماو لەگەڵ دەوڵەتی بەهێز/سەرکەتوو

هاوشـێوەی چەمکی دەوڵەتی شـکسـتخواردوو بەردەوام کۆمەڵێک چەمکی دیکەش بەکاردێن، وەک چەمکی دەوڵەتی سـەرکەوتوو، چەمکی دەوڵەتی دارِمـاو یـان لاواز، لێرەدا بۆ دەرخسـتنی خـاڵە جیـاوازەکـان و هـاوبەشـەکـان یـانیش تـایبەتمەنـدییەکـان لە نێوان ئەم چەمکانە لە چوارچێوەی خشتەیەکدا باس دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە (Cojanu, PP 118-119 ,Popescu, 2007):

| تایبەتمەندییەکان Characteristics | دەوڵەتی بەهێز/سەرکەوتوو Strong State | دەوڵەتی شکستخواردوو/ دارِماو Weak/Failed State |
|---|---|---|
| 1. قۆرخکاری دەوڵەت لەسەر بەکارهێنانی هێز | بوونی هەیە | بە دەگمەنە یان بوونی نییە |
| ٢. سەروەری دەوڵەت | بوونی هەیە/لە ئاستی باڵایە | کەمە/ لەئاستی نزمدایە |
| ٣. کوالێتی دیموکراسی | بەرزە | نزمە |
| ٤. شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی و دڵسۆزی هاووڵاتییان بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت | بەهێزە/ تۆکمە | نزمە/لاوازە |
| ٥. ئاسایش و سەقامگیری | بەهێزە/ تۆکمە | نزمە/لاوازە |
| ٦. کۆنترۆڵی دەوڵەت لەسەر خاکەکەی (ناوخۆیی) | بوونی هەیە | بە دەگمەنە یان بوونی نییە |
| ٧. کۆنترۆڵی دەوڵەت لەسەر سنوورەکانی | بوونی هەیە | بە دەگمەنە یان بوونی نییە |
| ٨. کاریگەری دامەزراوەکان | بەهێزە/ تۆکمە | نزمە/لاوازە |
| ٩. ژێرخان و بیرۆکراسی | بەهێزە/ تۆکمە | نزمە/لاوازە |
| ١١. توند و تیژی فیزیکی | لەدەستی دەوڵەت دایە/کۆنترۆڵکراوە | لەدەستی ئەکتەری نا دەوڵەتی دایە لە دەرەوەی یاسا |
| ١٢. گەندەڵی و تاوانکاری | نزمە/ رێژەییە | بەرزە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەوڵە تدایە |
| ١٣. نەزمی یاسایی | متمانە پێکراوە | متمانە پێ نەکراو و بێ کاریگەرە |
| ١٤. ئابووری | کارکردنی وەزیفەدار | لە قەیرانی قوڵدایە |

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| ١٥. گۆڕانکارییە دیموگرافییەکان | لە ژێر کۆنترۆڵدایە | لە دەرەوەی کۆنترۆڵدایە وەک پرسەکانی کۆچکردنی بەکۆمەڵ و شەپۆلی گەورەی پەنابەران |

## ٣.٣. پێوەرەکانی دەوڵەتی شکستخواردوو

بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەوەی بزانرێت دەوڵەتێک لە لە حاڵەتی ئاساییەوە بەرەو ئاراستەی شکستخواردووی یان لاوازی دەڕوات چەندین ئاماژەی جۆراو هەن، هەر یەکە لە ئاماژەکانیش گوزارشتن لەوەی ئەو دەوڵەت ڕووی لە دارماوی یان لاوازی و پوکانەوەیە.

لە ساڵی 2005ەوە سندوقی ئاشتی (Fund For Peace)[6] بە هاوبەشی لەگەڵ گۆڤاری سیاسەتی دەرەوە (Foreign Policy)، دەستی کردووە بە دەرکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر بارەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان، (FFP)تایبەتمەندی سەرەکی دەوڵەتە شکستخواردووەکانی بەم شێوەیە دیاریکردووە (Political Encyclopedia, 2020):

- لەدەستدانی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر خاکەکەی یان بەشێک لە خاکەکەیدا، یان لەدەستدانی قۆرخکاری لەسەر بەکارهێنانی شەرعییەتی هێز و دەسەڵات لەناو خاکەکەیدا. (Ahmed Babakr, 2022, p. 448)
- دارمانی دەسەڵاتی شەرعی دەوڵەت، تا ئەو جێگەیەی کە توانای بڕیاردانی یەکگرتوویان نەبێت.
- بێ توانایی لە دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان.
- بێتوانایی لە کارلێک کردن لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر وەک ئەندامێکی تەواو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

سندوقی ئاشتی و ئێندێکسی دەوڵەتە لاوازەکان کۆمەڵێک پێوەری گەشەسەندنی دیاری کردووە بۆ دەوڵەتی شکستخواردوو. دوای کۆکردنەوەی زانیاری و شێکردنەوەی داتاکان، لە چوارچێوەی بابەتی وەک؛ فشاری دیمۆگرافی، پەنابەران و ئاوارەکان، نادادپەروەری بەربڵاو، بەرهەمی ئابووری نارێک، دابەزینی ئابووری، دابەزینی شەرعییەتی حکومەت و خزمەتگوزاری گشتی، ئاسایش، دەستە و

[6]. سندوقی ئاشتی؛ دامەزراوەیەکی توێژینەوەی ناحکومی و پەروەردەیی قازانج نەویستی ئەمریکییە. لە ساڵی 1957 دامەزراوە، ئەرکی سەرەکی برییە لە ڕێگرتن لە ململانێی توندوتیژی و بەرزکردنەوەی ئاسایشی بەردەوام لەسەر ئاستی جیهان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەزهەبە جۆراوجۆرەکان و دەســـتتێوەردانی دەرەکی، هەر کامانە چەند بەرەو بەرزبوونەوە بڕوان ئەوەندە شـکسـتی دەوڵەت زیاتر نزیک دەبێتەوە (2012, P13-14 & Öğüt, 2013, S 168-169). بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری ئەو نیشـــانە و ئاماژانە بەشــێوەیەکی ووردتر لە چوارچێوەی چوار ڕەهەندی جیاواز بەم شێوەیەی دابەش دەکەین (Rotberg, 2003, PP 1-28 & 2012, PP 13-14):

1. ئاماژە سیاسییەکان؛ چەند ئاماژە و نیشانەیەکی سیاسی هەن گوزارشت لە شکستی دەوڵەت دەکەن لە ڕووی سیاسییەوە لەوانە:
   - نەبوونی ئازادی و لاوازی کلتووری دیموکراسی
   - نەبوونی سەقامگیری سیاسی
   - لاوازی شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی
   - زیادبوونی ناسنامە ناوچەییەکان لەبەرامبەردا ونبوونی ناسنامەی گشتی
   - بێ توانای و بێ کاریگەری حکومەت
   - کۆنترۆڵ نەکردنی گەندەڵی
   - پێشێڵ کردنی مافەکانی مرۆڤ و نەبوونی دەوڵەتی یاسا
   - سەرهەڵدانی دیاردەی مافیایی و بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان
   - کۆنترۆڵ کردنی دەسەڵات لەلایەن گرووپی چەکداری
2. ئاماژە ئابوورییەکان؛ بۆ ئەوەی بزانرێت دەوڵەتێک لەرووی ئابوورییەوە بەرەو داڕمان و شکستە ئەم خاڵانە وەک ئاماژە بەدی دەکرێن: (Ahmed Babakr, 2020, p.115)
   - لاوازی گەشەپێدانی ئابووری
   - هەژاری و هەڵاوسانی نا سروشتی
   - کەمی ئاســـتی خزمەتگوزاری گشــتی (ڕێژەی تاوان، ڕێژەی خوێندەواری، ژێرخان، ڕێگاوبان، خزمەتگوزاری ئینتەرنێت...)
   - نا دادپەروەری لە دابەش کردنی داهاتەکان
   - خەرجی لە ڕادەبەدەر
3. ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان؛ بەدی کردنی ئەم ئاماژانەی خوارەوە لە هەر دەوڵەتێک مانای هەرەسـهێنان و شکستی ئەو دەوڵەتەیە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- فشارە دیمۆگرافییەکان (کارەساتە سروشتییەکان، کێشەی پیسبوونی ژینگە، کەمی خۆراک و ئاوی خاوێن، مردن و منداڵ بوون...)
- قەیرانی ئاوارە و پەنابەران
- کێشەکانی کۆمەڵ (جیاکاری، توندوتیژی مەزهەبی- ئاینی-نەژادی...)

4. ئاماژە ئاسایشییەکان؛ چەند نیشانەیەکی ئاسایشی هەن بە مانای ئەوە دێن کە دەوڵەت بەئاراستەی شکست و هەرەس دەڕوان لەوانە:
- نەبوونی سیستماتیکی دەزگاکانی ئاسایش
- ناکۆکی نا سروشتی نێوان نوخبە سیاسییەکان
- بوونی دەستتێوەردانی دەرەکی
- هەبوونی دیاردەی چەکداری و پەیدابوونی هێزی چەکداری لە دەرەوەی یاسا
- لاوازی دامودەزگاکانی فەرمی دەوڵەت و بەهێز بوونی هێزەکانی دەرچوو لە یاسا

## ٤.٣. هۆکارەکانی شکستخواردووی دەوڵەت

بەشێوەیەکی گشتی لە بارەی هۆکارەکانی شکستی دەوڵەت کۆمەڵێک پرسیار هەن لەوانە؛ بۆچی دەوڵەت شکست دێنێ یان بەرەو ڕووخان دەچێت؟ یانیش لێکهەڵدەوەشێتەوە؟ بێگومان هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بە گشتی قبووڵکراو نییە بۆ ئەم دیاردەیە. ڕووخانی دەوڵەت ڕووداوێک نییە لەناکاو سەرهەڵبدات، بەڵکو دیاردەیەکە زۆرجار بەشێوەی پرۆسەیەکی سیستماتیکی لەئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری جیاجیاوە دێتە کایەوە. بۆیە، زۆر زەحمەتە کە هێڵی دیاریکراو لەنێوان هۆکار و دەرئەنجامەکانیدا بکێشرێت، هەروەها جیاوازی هەیە لە وڵات بۆ وڵاتێکی دیکەوە. لەسەردەمی ئیدارەی (Clinton) کلینتۆن توێژینەوەیەک لە ساڵی ١٩٩٤ لە ژێر ناونیشانی ( State Failure Task Force) لەبارەی شکستی دەوڵەت ئەنجامدرا. لە بنەڕەتدا پرۆژەکە لە ساڵی ١٩٥٥ ەوە سەریهەڵداوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سیستماتیک لەسەر ئاستی جیهان لێکۆڵینەوە بکات لە بارەی هۆکارەکانی شکستی دەوڵەتان. بەپێی توێژینەوەکان ئەو فاکتەرانەی ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە ڕووخان یان شکستی دەوڵەت وەک "باری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هاوڵاتیان، پێکهێنانی شێوەی حکومەت، سەختی تێکەڵبوونی ئابوری و سیاسی بە سیستمی نێودەوڵەتی، کاریگەری دەوڵەتانی دەرەوەی

سـنوور بۆ سـەر شـەڕ و ملمڵانێیە ناوخۆییەکان "(Esty and Others, 1999, PP 49-72). لێرەدا دەتوانرێت فاکتەرەکانی شـکسـتی دەوڵەت بەپێی ئەم خشـتەیە ڕوون بکرێنەوە ( Özalp, 2014, S 349-362):

| ئاستەکان | فاکتەرە بونیادییەکان<br>Structural Factors | فاکتەرە پرۆسەییەکان<br>Processal Factors | فاکتەرە دەرەکییەکان<br>External Factors |
|---|---|---|---|
| نێودەولەتی و هەرێمایەتی<br>Global & Regional | - پلەی پابەندبوون بە ئابووری جیهان<br>- ناسەقامگیری هەرێـمی/دەوڵەتە شـکسـتخواردووەکـان لە ژینگەی هەرێمدا<br>- کـاریگەری دەوڵەتەکـانی تر (هێزە گەورەکان/زلهێز، کۆلۆنیالی کۆن یان زلهێزی ناوچەیی) | - شەڕی ناوخۆ لە چوارچێوەی ژینگەی هەرێمی<br>- چـالاکـیـی تـۆڕەکـانـی توندوتیژی لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتی<br>- قەیرانی ئابووری لە دەوڵەتە دراوسێکاندا<br>- ڕووخانی ژینگەیی هەرێمی | - دەستێوەردانی سەربازی دەرەکی<br>- کـاریـگـەریـیـەکـانـی قەیرانی دارایی دەرەکی<br>- نزم بوونەوەی لەناکاوی نرخی مادە خاوەکان<br>- شەپۆلەکانی پەنابەران<br>- لێشاوی چەک<br>- کارەسـاتی سـروشـتی و وشکەساڵی |
| نیشتمانی | -پێکهـاتەی بۆمـاوەیی (پێکهـاتەی داگیرکاری یان ئیمپریالی)<br>- پێکهاتەی دانیشتوانی فرەڕەگەز<br>- فـاکتەرە دیمۆگرافییەکـان (ڕێژەی لەدایکبوون، ڕێژەی مردنی منـداڵ، ڕێژەی جینەکان بۆ دانیشتوان)<br>- کەمی سـەرچاوە یان دابەشـکردنی ناهاوسەنگ لە سەرچاوەکان<br>- چارەسـەری قەیرانی ئـابووری لە ڕێگەی ئابووری ریعی<br>- کاریگەری فۆرمەکانی نەریتی زاڵی ( پـێـکـهـاتەی خـێـڵ ، پـێـکـهـاتەی پیاوسالاری ) | - خـێـرا کـەمـبـوونەوەی ستانداردی ژیان .<br>- بەکـارهـێـنـانـی نـائـارامـی کۆمەڵایەتی وەک ئـامرازێکی سیاسی .<br>- بە سـیـاسـیـکردنی کـاری نەژادی / ئیتنیکی<br>- زیـادبوونی لە ڕادەبەدەری کاری سیاسی<br>- جـیـاکـاری یـان چەوسـانـدنەوەی هەنـدێـک گرووپی دیاریکراو | - گـۆڕانـکـاری وەک کـودەتـای سـەربـازی، یـاخـیـبـوون، کـودەتـای حکومەت<br>- فشار و کۆنترۆڵکردنی لەڕادەبەدەری ئۆپۆزسیۆن (گرتن و قەتڵوعام و هتد..)<br>- خراپـتـربـوونـی بـاری ئابووری بەشێوەی خێرا ( نائارامبوونی کۆمەڵایەتی ، تالانکردن ) .<br>-برسێتی، پەتا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | - ئەزموونەکانی سەرچاوە گرتوو لە ناکۆکییە تەواوبووەکان | - زیادبوونی گەندەڵی و بەرژەوەندیخوازی<br>- بەتایبەتکردنی دەسەڵات<br>- شکسهێنان یان وەستانی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن<br>- زیادبوونی کێشە ژینگەییەکان (کەم ئاوی، هتد) | - دەرکەوتنی شەڕی ناوخۆ |
| ناوەوەی دەوڵەت | - دژە ژینگەی ناوەندی (دەربازبوون لە لادێ)<br>- نایەکسانی ناوخۆیی<br>- ناسنامەی ناوچەیی یان ناوخۆیی | - زیادبوونی توندوتیژی لە شارەکاندا<br>- زیادبوونی ئەکتەرەکانی دەسەڵاتی ناوچەیی - هەرێمی<br>- جیاکاری ڕەگەزی<br>- خەباتی ناوچەیی- هەرێمی بۆ دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵات | - نائارامی ناوچەیی- هەرێمی<br>- کارەساتی سروشتی ناوخۆیی یان هەرێمی و کەمی بەرهەم |

کەواتە، ئەو فاکتەرە پێکهاتەیانەی "بونیادییانە"ی دەوڵەت بە ئاراستەی ڕووخان دەبات؛ تایبەتمەندی و دۆخی سیاسی و کلتوری و پێکهاتەیی و کۆمەڵایەتی- ئابووری دەوڵەت لەخۆدەگرێت، ئەمانە وەک کلتووری کۆلۆنیال، پێکهاتەی فرەچەشنی، گەشەی دیمۆگرافی و کاریگەری زلهێزە جیهانییەکان و ئیقلیمییەکان.

فاکتەرەکانی پەیوەست بە پرۆسە ئەو ڕووداوانە کە دەبێتە هۆی شکستی دەوڵەت لە ماوەیەکی پێشبینیکراودا. لەم قۆناغەدا گرنگترین جیاوازی لە فاکتەرە پێکهاتەییەکان ڕەفتاری هەڵبژێردراوە سیاسییەکان "نوخبە - Elit) لە ناوخۆی وڵاتدا. لەم چوارچێوەیەدا بێتوانایی هەڵبژاردە سیاسییەکان دەردەکەوێت لە جومگە سەرەکییەکانی بڕیاردان لە دۆخی قەیران و ململانێدا.

فاکتەرەکانی پەیوەست بە لایەنی دەرەکیش ئەو حاڵەتانەیە کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری و کاریگەری گەورە لە ماوەیەکی کورت مەودادا. بۆ نموونە، هەوڵی کودەتا، دەستێوەردانی سەربازی دەرەکی، قەیرانەکانی شەپۆلی پەنابەران.

## ٤. ئەنجام

چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوو یاخود دەوڵەتی لاواز بریتییە لەو دەوڵەتانەی کە ناتوانن سنورەکانی خۆیان بە تەواوی لەبەرامبەر مەترسی، هەڕەشە و دەستوەردانە سەربازییەکان بپارێزێن، بەجۆرێک کە هێزە دەرەوەی سنووری دەوڵەت بەردەوام هەڕەشەی ڕاستەوخۆ دروست دەکەن لەسەر ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەو دەوڵەتانەی چەمکی دەوڵەتی شکستخواردوویان بەسەر جێبەجێ دەکرێت، ئاسایشی ناوخۆی دەوڵەتی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا نییە. سەرەڕایی هەڕەشەکانی دەرەوەی سنوور لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی دەوڵەت، هەڕەشەی ناوخۆش بەردەوام ڕوویان لە زیادبووندایە، چونکە لە پاڵ دەوڵەت ئەکتەری تریش هەن لە دەرەوەی دەستوور و یاساکان ڕۆڵی خۆیان دەبینن. وەک هێزە چەکدارە ناوچەییەکان و گرووپە جۆراوجۆرە مەزهەبی، ئایینی و ئیتنیکییەکان.

شەرعیەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەدەوڵەتی شکستخواردوو بە جۆرێک لاوازە کە هەموو ئەگەری سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێیەکان لە ئارادایە، ئەم ململانێیەش پایەکانی دەوڵەت بەجۆرێک لاواز دەکات کە ئەگەری ڕووخانی ڕژێمی دەسەڵاتدار هەموو کات وەک کارتێک لەلایەن نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار بەکاردێت. لەگەڵ لاوازی ڕەوایەتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە بەرامبەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا دەوڵەت بە جۆرێک بێ توانا و دەستەوەستانە، هاووڵاتییان لە سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان بێ بەشن، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەوڵەت ڕووبەڕووی هەرەس و شکستخواردووی دەکاتەوە.

ئەگەرچی تا ئێستا کۆدەنگییەکی دیاریکراوی وورد لەبەردەست نییە لەبارەی ژمارەی دەوڵەتانی شکستخواردوو لە جیهان، بەڵام بەپێی توێژینەوەکانی دەزگاکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە پێوەرەکانی دیاریکردنی دەوڵەتی شکستخواردووی دەوڵەت ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر هەر دەوڵەتێک لەبەرامبەر دابین کردنی خزمەتگوزارییەکان دەستەوەستان بێ، توانای دەستڕاگەیشتنی نەبێت بەسەر خاکەکەی و سەروەرییەکەی پارێزراو نەبێت، مەودای دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەسەر تەواوی خاکەی بەدی نەکرێت و سیاسەت و بریار و فەرمانەکانی دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە بە هەند وەرنەگیردرێت ئەوا ئەو دەوڵەتە دەچێتە ڕیزی ئەو دەوڵەتانەی کە پێیان دەوترێت دەوڵەتی شکستخواردوو.

## سەرچاوەکان

زمانی کوردی

**کتێبەکان:**

ئەبراش، ئیبراهیم. (٢٠١٣). میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، هەنگاوەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی. و. دیدار ئەبوزێد. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئەسەسەردە، فەرید. (٢٠٠٢). چەمکی "بیرۆکەی دەوڵەت" لە جوگرافیای سیاسی دا. سلێمانی: لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری ی.ن.ک.

هێیوود، ئاندرو. (٢٠٠٧). تیۆوری سیاسی. و. گۆران سەباح. هەولێر: دەزگای ئاراس.

عالم، عەبدولرەحمان. (٢٠١٢). بنەماکانی زانستە سیاسییەکان. و. دلاوەر عەبدوڵڵا – محەمەد کەریم. سلێمانی: ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ی.ن.ک.

محەمەد، بەهادین ئەحمەد. (٢٠٠١). تیۆری دەوڵەت و سیستمە ڕامیارییەکان. سلێمانی: دەزگای سەردەم.

بشیریە، حسین. (٢٠٠٩). زانستی سیاسی. و. بابا عەلی میهرپەروەر. هەولێر: دەزگای وەرگێڕان.

**زمانی عەرەبی**

**کتێبەکان:**

فوكوياما، فرانسيس. (٢٠٠٧). بناء الدولة: النظام العالمي ومشكلة الحكم والادارة في القرن الحادي والعشرين. ترجمة.مجاب الامام. الرياض: مكتبة العبيكان.

حيدر، محمود. (٢٠١٨). الدولة: فاسفتها وتاريخها من اغريق الى ما بعد الحداثة. نجف: المركز الاسلامي للدراسات الاستراتيجية.

**ماڵپەڕەکان:**

**موسوعة السياسية. (2020) مفهوم الدولة.**
[online] Available at: https://political-encyclopedia.org/dictionary/%D9%85%D9%81%D9%878 [Accessed 22nd February. 2021]

**زمانی تورکی**

**کتێبەکان:**

Kapani, Munci. (2007). Politika Girişne Bilim. Ankara: Bilgi Yayın Evi.

**جۆرناڵە زانستییەکان:**

Öğüt, Selman. (2013). Başarısız Devlet Kavramının İncelemesi. Marmara Üniversitesi, Hukuk Fakültesi. Hukuk Araştırmaları Dergisi (MÜHF-HAD). 19, (3).

Ahmed, A. B. (2022). The Impact of the Economic Factor on The Country's Foreign Policy. *QALAAI ZANIST JOURNAL*, *7*(1), 443-459.

Özalp, Osman N. (2014). Uluslararası İlişkilerde Başarısız Devletler Sorunsalı ve Bu Sorunsalın Uluslararası Hukuka Etkileri. İstanbul Üniversitesi Hukuk Fakültesi Mecmuası (İÜHFM). LXXII, (1).

Ahmed, A. B. (2020). State's Active Foreign Policy a Theoretical Study. *QALAAI ZANIST JOURNAL*, *5*(3), 111-130.

**زمانی ئینگلیزی**

**کتێبەکان:**

Zartman, William I. (1996). Collapsed State: The Disintagration and Restoration of Ligitimate Authority. London: Lynne Rienner Publishers.

**چاپتەر لە کتێب:**

Rotberg, R.I. (2003). Failed States, Collapsed States, Weak States: Causes and Indicators. In R. I. Rotberg (Ed.), State Failure and State Weakness in a Time of Terror (pp.1-28). Washington, D.C.: Brookings Institution Press.

**جۆرناڵە زانستییەکان:**

Eriksen, Stein Sundstol. (2011). State Failure in Theory and Practice: The Idea of the State and the Contradictions of State Formation. Review of International Studies, *37*.Available at: https://www.researchgate.net/publication/231752606_'State_failure'_in_theory_and_practice_The_idea_of_the_state_and_the_contradictions_of_state_formation[Accessed: 20th February 2021].

Cojanu, Valentin & Popesco, Alina Irina. (2007). Analysis of Failed States: Some Problems of Definition and Measurement. The Romanian Economic Journal. (25). Available at: https://www.researchgate.net/publication/46542378_Analysis_of_Failed_States_Some_Problems_of_Definition_and_Measurement [Accessed: 20th February 2021].

Esty, Daniel C., Goldstone, Jack A., Gurr, Ted Robert, Harff, Barbara, Levy, Marc, Dabelko, Geoffrey D., Surko, Pamela T., and Unger, Alan N. (1999). State Failure Task Force Report: Phase II Findings. Enviromental Change & Security Projetct Report. (5). Available at: https://www.researchgate.net/publication/247638675State_Failure_Task_Force_Report_Phase_II_Findings [Accessed: 20th February 2021].

**کۆنفرانسەکان:**

Graf, Timo Alexander. (2012). Measuring State Failure: Development of a New State Capacity Index. Paper presented at the 4th ECPR Graduate Conference, July 4-6, 2012, Jacobs University Bremen, Germany. Availabel at: https://ecpr.eu/Filestore/paperproposal/a7545b9d-ce86-4c1c-a673-fa530bfd8ea3.pdf [Accessed: 20th February 2021].

**ماڵپەرە فەرمییەکان**

Political Encycolpedia, (2020). Failed State. [online] Available at: https://political-encyclopedia.org/dictionary/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9%20%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%A7%D8%B4%D9%84%D8%A9 [Accessed 22nd February. 2021]

## Analysis of the Standards and Characteristics of The Failed State

**Tahseen Wsu Abdullah**
Department of Political System and Public Policy, Collage of Political Science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
tahseen.wsu@su.edu.krd

**Ahmed Babakr Ahmed**
Department of Diplomacy and International Relations, College of Law and International Relations College, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Ahmed.babakr@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *The Concept of State, Sailed State, Validity, Strong State, Weak State, Parallel State.*

## Abstract

The state has been busy with it as a major subject of political science and has done its work in various ways, in a way that some political science has been state-controlled, and the country has been A real need for organizing and manageing the community, human it's documents, and providing security are a necessity for creating a political one to style Their lives were transferred from one stage to another, and the state form was different from the world to another.

One of the most important issues of this process has been the failure of countries to carry out their duties, or the failure of countries that many countries, especially in

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Asia, Africa and the Middle East, cannot perform their duties. This situation, together with the various problems facing the countries, will cause regional and global problems as well as the national problems that will lead to civil war. Although there is no unilateral reason for the failure of states, the reason for the failure of states can be attributed to many historical, cultural, social, economic and global factors and its reflection shall be different from that of any country.

## تحليل المعايير و الخصائص الدولة الفاشلة

**ملخص:**

وقد انشغلت الدولة بها كموضوع رئيسي للعلوم السياسية وقامت بعملها بطرق مختلفة، بطريقة سيطرت عليها الدولة، وكانت البلاد حاجة حقيقية لتنظيم وإدارة المجتمع، فالإنسان هو وثائقه، وتوفير الأمن ضرورة لخلق سياسي لأسلوب تم نقل حياتهم من مرحلة إلى أخرى ، وشكل الدولة كان مختلفاً من العالم إلى العالم الآخر.

ومن أهم قضايا هذه العملية فشل البلدان في القيام بواجباتها، أو فشل بلدان كثيرة، ولا سيما في آسيا وأفريقيا والشرق الأوسط، في أداء واجباتها. وهذا الوضع، إلى جانب المشاكل المختلفة التي تواجه البلدان، سيسبب مشاكل إقليمية وعالمية، فضلا عن المشاكل الوطنية التي ستؤدي إلى حرب أهلية. وعلى الرغم من عدم وجود سبب أحادي لفشل الدول، فإن سبب فشل الدول يمكن أن يعزى إلى العديد من العوامل التاريخية والثقافية والاجتماعية والاقتصادية والعالمية، وأن انعكاسه سيكون مختلفا عن انعكاس أي دولة.